# چاککردنی کومەلگای کوردستان
# ئەندازیاری – دەسەلاتی سیاسی و نەوەکانی دوارۆژ

**ئاسۆ حامدی**
**10 مارسی 2006**

ئەندازیاری شارستانی ئەندازیاریەکی ووشک و برینگ نیە، هەر تەنها لەگەڵ ژمارە و نەخشەکێشان مامەلە ناکات، بەلکو لە گەل مەنطق و هەست و زەوق و نەستەکانی مرۆڤدا مامەڵە دەکات.
هەموو کەس ناتوانی بیر لە ئایندەیەکی دووری کۆمەلگا بکاتەوە، هەموو کەس کاری ئەوەنیە بیر لە ئەمنیەتی ژیان و گوزەران بکاتەوە، هەموو کەس کاری نیە بیر لە شارستانیەتی کۆمەلگا بکاتەوە، هەر لەمەسەلەی ئاو و ئاوەرۆ تا دەگاتە دەوروبەر و چۆنایەتیەکانی ژینگە و مەسەلە کۆمەلایەتیەکان و مەسەلە ئابووریەکان و دەسەلاتی سیاسی هەموویان یەک ڕەگیان هەیە..هتد.
لە نیو هەموو ئەمانەدا مەسەلەیەک هەیە کە خاوەنی سەرەکی مەسەلەکانن ئەوانیش هاوولاتیانن.
هاوولاتیان لە گەڵ واقع دا رووبەروون، دەسەلاتداران لە گەڵ ئەرقام و کۆمپیتەر و قازانجی سەخسی روو بەروون. ژیان لە گەرەک و کارخانەکاندایە، ئەمە مەسەلەیەکی حەیاتی مرۆڤەکانە.
خەلکی ئاسایی هەرچەندە لە ژیان و گوزەراندا و لە ئاستی خویندەواری و هۆشیاری جیاجیان بەلام هەست و شعوریان لەگەل ناوچەی کە تیای دەژین زۆر شارەزان.
هەموو ئالووگۆرەکان کە کۆمەلگا هەستی پیدەکات ئەوا نەخشەکێشانێکی ئەندازیاری کاریگەری لەسەر هەیە.
چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا کۆمەلە مرۆڤێ دیاریان دەکات کە لەزۆرکاتدا هیچ ئاگاداریەکیان لە کۆمەلگاوە نیە.
لە سیستەمی ئیستا زۆرکات ئەوانەی سیاسەتی کۆمەلگا دەکێشن ئەوا لە واقعدا دوورن.
ئەم جۆرە بالادەستیە لە دەسەلات و سەرووی مرۆڤیە وای کردووە کە جیاوازی نیوان کاری فکری و کاری فیزیکی زیاتر بێت و خەلکی سادەو هۆشیار بە شوێنی دەوروبەرو ژیان وگوزەرانی دوور بکرینەوە لە ژیان و گوزەرانیان و دەستەوەستانبن لە دیاریکردنی چونایەتیەکانی ژیانیان.
ئەندازیاری لە رۆژگاری ئەمرۆ هەر ژمێریار و نەخشەکێشان نیە، بەلکو چۆنیەتی دەرککردنە بە ئاڵوگۆرەکان. چۆنیەتی درککردنە بە ژیان دینامیک و گەشەسەندنی کۆمەلگا لە هەموو بارەیەکەوە.
هەموو شتێ لە گۆرانە تەنها دینامیک و گۆڕاو نەگۆرن.
مرۆڤەکانی کۆمەلگای شارستانی هۆشیارن و دەزانن بەرووەو کوێ سەول لیدەدەن و هەنگاو هەلدەگرن.

لە ئەندازیاری شارستانی زۆر جۆر لە نەخشەکێشان هەیە، بە نموونە ڕادیکالیزم کە هیچ ئیعتبارێ بۆ نەخشەکێشانی کە لە واقع هەیە دانانێ و لە سەر ئەساسی بیری نوێ نەخشەی خۆی یان دادەرێژن.

ئەم جۆرە رادیکالیزمە لە ئەندازیاری لە هەموو وولاتان هەیە، بەنموونە لە دڵی نیویورک کە قەلەبالغ ترین شوینە ئەوا ئەندازیارەکان ئاویان وەک سەرچاوەی حەسانەوە بەکارهیناوە.
یان لە نێوان کۆنترین شوێنەوەاردا ئەندازیارەکان بینایەکی نوییان لە ئیتالیا یان لە پاریس راست کردۆتەوە.
لە هەماکاتددا لە ئەندازیاری ریفۆرمیزم و پاسفیست هەیە.

ئەمانە ئەو ئەندزیارانەن لە گەل مێژوو واقع دا کاردەکەن وجورئەتی ئەوەناکەن بیر لە گۆران و ئالووگۆراکردنی سیاسەت و کۆمەلگا بکەنەوە.
هەروەها ئەندازیاری کۆنەپەرست و فاشیست هەیە، لێرەدا ئەمانە زۆر گرفتن لەبەردەم پێشکەوتنی زانستی معماری لە وولاتدا.
هەرشوین و کاتێ جۆری لە ئەندازیاری دەوێ و هەیە. هەنگاو نان لە گەڵ زانستدا معماری کۆنپەرستی جێ دەهێلن و دەست بەکاری نوێخوازی دەکەن.
لە زۆر وولاتانی دونیادا ئەوانەی لەدەسەلاتن هیچ بیرێکیان لە زانستی ئاوەدانکردنەوە و ستراتیژ دا نیە. بۆیە زۆر زەحمەتە ئەم دەسەلاتە بۆ ئەم هەنگاوە کێش بکرێن.
لە ئەندازیاری تا دەگاتە سیاسەت و وەزعە کۆمەلایەتیەکان دەبێ کۆمەلانی خەلک دەبێ رای خۆیان بدەن و باس لە ژیان و گوزەرانی یان بکەن و بریاری لەسەر بدەن.
لە هەمانکاتدا هاوکاری تەواوی ئەندازیاران بکریت و لەگەڵ تەکنیکیەکان کە کاریکی ئەسلی دەکەن لە ژیانی مرۆڤەکان.
زۆرکات لە دارشتنی ماستەر پلان یان پلانۆلۆغی شارێک یان بستێمینک پلان کە دارشتنی پلانی شارە یان گەرەکە ئەوا هەموو ئەوانەی کارکتەرن لە دارشتنی پلانەکە و جیبەجیکەری پلانن تا دەگاتە دانیشتوانی ناوچەکە دەبێ بەشداری کاریگەر بکەن لە ئالوگۆرەکان.
یان زۆرکات لە کۆمەلگای شارستانیەکان کۆمەلانی خەلک ئەندازیاران ناچاردەکەن کە نەخشەی تایبەتیان بۆ دابرێژرێن و مامەلەی تایبەتیان بۆ بکرێت.

هەموو کەس دەتوانێ باس لە گۆران و بیرۆکەی تایبەت بکات، بەلام هەموو کەس ناتوانی پلان دابریژی یان پلان دابریژێ و بە سەلامەت و ئەمان و بە کولفەیەکی ئابووری پرۆژەکە تەواو بکات. یان گەرەنتی بدات بۆ نەوەکانی دوارۆژ ئەوا پرۆژەکان ئامنە و هیچ گرفتیان نیە و لە هەمان کاتتدا نرخی دروستکردنیان واقعیەو یان کولفەکەی ئاساییە.
وەزعی ئابووری وولات و ئازادی بیروباوەر و مەسەلەکانی کار و ژیانی ئینسانەکان گرنگتین پیوەرە بۆ پێشکەوتنی کۆمەلگا. جیاوازی فکری مرۆڤەکان هەر دەمێنی لە گەڵ جیاوازی تواناکانیان بەلام دەبێ هەموومان یەک بەهامان هەبێ لە کۆمەلدا.
ئەمە لە پلاندانانەدا دەبی خاڵی سەرەکی و ئەساسی بن.

لە وولاتانی کە سەرکوتی سیاسی هەیە، کە وولات بە یاسای نەبۆتەوە، ئەوە ئەندازیاری لە گرفتی زۆردایە و ئازاد نیە.
ئەم زانستە کاریگەری زۆری لەسەر زەوق و سەلیقەی مرۆڤەکان هەیە. ئەگەر مرۆڤ لە وەزعیەتی کۆمەلایەتی و نەفسی خۆیدا ئازاد ژیا ئەوا بیر لە ئالوگۆردەکاتەوەو دەکات لەم مەیدانەدا سەرکەوتن و پێشکەوتن بەدەست دینێ.
گرنگترین مەسەلە بۆ ئەندازیاری لەم مەیدانەدا پرۆسێسەکانە، یانێ چۆن مامەلە لەگەل دەوروبەر دەکەیت و خەلکی ئاسایی چۆنن مامەلە لەگەل ئالوگۆرەکان دەکەن و ئاما دەگیان بۆ جەندە، لە هەمان کات دەسەلاتداران چۆن مامەلە لەگەل پلانەکان دەکەن. دوو دەزگای فکری جیاواز هەیە، خەلک و دەسەلات، تا ئەم دوو دەزگای فکریە لە یەک نزیک بوون ئەوا پلانەکانی ئەندازیاری و دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلگا لەیەک زیاتر حالی تر دەبن.

بۆ نموونه ئەگەر بیر لە گۆرینی رادیکال بکەینەوە بۆ شارەکانی کوردستان لە زانشتی دەوروبەردا بلێن دەبێ بە گویرەی چینەکانی چۆنایەتی دەوروبەر کە چوار چینە ، چینی تۆرەکانی سەوزایی ، چینی تۆرەکانی ئاو، چینی تۆرەکانی بنەماکانی هاتوچۆ و گوزەرانیەکانی ، چینی بیناکانی شارو معماریەکانی . ئاو دەبی ببێتە جێنێکی ئەساسی لە چۆنایەتی دەوروبەردا ( ئەگەرچی ئاو بۆ خواردنەوە نیە لە هاوین دا و لە زستاندا خەلک ئاودەیبا)، سیاسەتی بەربەست بۆ زستان و بەکارهینانی ئاو لە هاویندا ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکات، یان ئەوا دەبێ رووبار یان کەنالی تایبەت بۆ هەولیرو دهۆک رابکێشرێن، یان بەستی خاسە لە کەرکوک دەبێ بنەمای مێژووی خۆی وەربگرێتەوە.
یان کەنداوی دوکان دەبێ ئاوەکەی ببێتە چینێکی ئەساسی بۆ ئالوگۆری دەوروبەر لەم ناوچەدا.هتد.

ئەندازیاری وەکو زانست کاریگەری جدی هەیە لەسەر سیاسەتی کۆمەلگا لە هەمان کاتتدا ئەوا سیاسیەکان کاریگەریەکیان لەسەر ئەندازیاری و شێوەی زانستی نەخشەکیشان هەیە.

ئەم پلان دانان و ئالوگوردانە بەکۆمەلگا مەسەلەیەکی دریژخایان و پلانی زیرەکانەی دەوێ. دەسەلاتدارانی کوردستان بە فەرهەنگی ئەندازیاری دەوروبەر ناتوانن پلانەکانی چۆنایەتی دەوروبەر و پرۆسێسەکانی گەشە بکەن. بەلکو دەبێ روو لە تەجرەبەکانی وولاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و یابان بکەن. چۆن ئەندازیاران رۆمایان کردۆتە مۆزەخانەیەکی والا یان چۆن پاریس کۆن و نوێ لە گەڵ یەکدا گرێ دراون. بیرکردنەوە لە بەرنامەی دریژ خایەن و نەوەکانی داهاتوو دەتوانێ زۆر مەسائیل یەکلا بکاتەوە، لیرەدا قازانجی بەرزی نەتەوەیی سەرهەلدەدا. کوردستان ئیمکاناتی ئابووری مناسبی هەیە ئەگەر پلان دانەرەکان هەموو کاراکتەرەکان بەیەکەوە وەکو یەک سەیر بکەن. ئەمەش ئازادی و فەرهەنگی بەرزی دەوێ. دەڵین بەخت یەکجار لە دەرگای مرۆڤ دەدات ، ئەویش لە ماڵ نیە.